Helsinki

CATCH!

# پشتیوانی لە پێشکەوتنی زمان و قسەکردنی منداڵان



Helsinki

شارەوانی هێلسینکی

وەزارەتی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی

خزمەتگوزاریی چارەسەریی منداڵ و کاروباری خێزان

www.otakoppi-ohjelma.fi

## ئەگەر منداڵەکەتان کۆرپەیە

• چاکتر وایە منداڵەکەتان لە نزیک خۆتان و لەسەر پێتان دانێن
• بە منداڵەکەتان پیشان بدەن کە لە هەبوونی ئەو کەیفخۆشن
• لەگەڵ منداڵەکەتان بەردەوام قسە بکەن و لەگەڵیدا بە چاو پێوەندی هەڵکەن
• لە کاتی چاودێریی لە منداڵەکەتان، وەک لەبەر کردنی جلوبەرگ، پێی بڵێن کە ئێستاکە

## خەریکی جێبەجێ کردنی چ کارێکن

• ناوی شتەکان و کەسانی دەوروبەری خۆتان فێری بکەن

ئەگەر منداڵەکەتان تازە کەوتووەتە سەرپێ
لە بارودۆخەکانی رۆژانەدا لەگەڵ منداڵەکەتان سەبارەت بە ئۆگریەکانی ئەو قسە بکەن.
بەمجۆرە ئەو دەرفەتی دەبێت کە وشەی نوێ فێر بێت. سەرنج بدەن بە وەڵامەکانی منداڵ.

لە کاتی چاودێریی لە منداڵەکەتان، وەکو لەبەرکردنی جلوبەرگ، پێی بڵێن کە ئێستا خەریکی جێبەجێ کردنی چ کارێکن. بۆ نموونە "وەرە گۆرواکەت بکە پێت". ناوی شتەکان، چالاکیەکان و هەستەکانی پێ فێر بکەن: "دایکت دەزانێ کە تۆ بۆچی نارەحەتی، لەبەر ئەوەی کە..."

• سەبارەت بە شتە ناسیاوەکان لە منداڵەکەتان بپرسن. بۆ نموونە: "ئوتومبیلەکە لە کوێیە؟" یان "ئاوت دەوێ یان شیر؟"

ە لەگەڵ منداڵەکەتان بە زمانی زکماکی خۆتان گۆرانی بڵێن، وەرەتان بێت و یاری بکەن. یاری کردن دەورێکی گرنگی لە رەوتی فێربوون و گەشەسەندنی منداڵ هەیە.
ێ قسەکردنی منداڵەکەتان راست بکەنەوە. لە جیاتی، بە نموونە شێوازی راستی دەربرینی وشەکانی پیشان بدەن. بۆ نموونە ئەگەر منداڵ دەڵێت "پەرتوو"، باوک یان دایک بڵێت "ئەرێ، بەو زووانە پەرتووکێکی نوێت بۆ دەخوێنمەوە".

• کاتێک لەگەڵ منداڵەکە چاو لە پەرتووکەکە (کتێب) دەکەن، ئەو وشەی نوێ فێر دەبێت. سەبارەت بە وێنەکانی پەرتووک لەگەڵ منداڵ قسە بکەن و بۆ نموونە هەندێ چیرۆک سەبارەت بە سەردەمی منداڵی و ماڵە کۆنەکەتان بۆی بڵێن.
ە هێزی تێگەیشتنی منداڵ کاتێک پەرە دەستێنێت کە هەندێ ئەرکی بچووکی پێ بسپێردرێت. بۆ نموونە "ئەو تەقیلە بە من بدە" یان "بە من بڵێ پێڵاوەکە لە کوێیە"

• بەتەنیا سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن، فیلم و دی ڤی دی یان یاری کردنی کۆمپیۆتەری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزاییە زمانیەکان تەواو نییە!

## ئەگەر مندال بۆ نموونە لە باخچەی ساوایان خەریکی فێربوونی زمانی فینلاندییە

بە زمانی زکماکی خۆتان وەڵامی پرسیارەکانی منداڵ بدەنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو بۆ قسەکردن لە زمانی فینلاندنی کەڵک وەرگرێت

• ئەگەر منداڵ لە وشەیەک تێنەگەیشت و ئەوەی بە زمانی فینلاندنی دەربڕی، دایکوباوک دەبێت ئەو وشەیە بە زمانی زکماکی خۆیان بۆ منداڵ دووپات بکەنەوە.



زمانی زکماکی منداڵ، گرنگترین زمانی ئەوە. ئەم زمانە لە نێوان منداڵ و دایکوباوکیدا هاوبەشە و منداڵ بەم زمانە لەگەڵ کەلەپوور و مێژووی خۆی پێوەندی هەڵدەکات.
زاڵیەتی بە سەر زمانی زکماکی، پێگەی هەموو فێربوونەکان و هەروەها فێربوونی زمانی فینلاندییە. چاکتر وایە کە دایکوباوک بە جێی فێرکردنی زمانی فینلاندی بە منداڵان، بەردەوام بە زمانی زکماکی خۆیان لەگەڵ منداڵەکەیان پێوەندی هەڵکەن. منداڵ زمانی فینلاندنی لە باخچەی ساوایان و لە خوێندنگە فێر دەبێت.

چاکتر وایە کە لە ماڵ و لە هەموو بارودۆخەکانی رۆژانەدا لە زمانی زکماکی بە تەواوەتی پشتیوانی بکرێت. ئەگەر باوک و دایک زمانی زکماکی جیاوازیان هەیە، هەرکامیان دەبێت بە زمانی زکماکی خۆی لەگەڵ منداڵ قسە بکات. تەنانەت ئەگەر منداڵ لە زمانی باوک یان دایک چالاکانە کەڵک وەرنەگرێت، منداڵ وردە وردە لە زمانەکە تێدەگات و قسە بەوەش دەست پێ دەکات.